# ئەوکاتەی
# لە بەندیخانەدا بووم

**و: لە ئینگلیزییەوە: یووسف فەقیهی**

**ئەم وتارە لە ڕۆژەکانی ٢١تا ٢٧ی جەنیوەری ساڵی ١٩٩٥ لە ڕۆژنامەی لیبیراسیون بڵاوکراوەتەوە کە لە کتێبی (بەندی ژمارە ٥: یازدە ساڵ لە بەندیخانەی تورکیا) وەرگیراوە**

من ناوم مەهدی زانایەو کوردی تورکیام، لە ساڵی ١٩٧٧ تا کاتی گیرانم لە ساڵی ١٩٨٠ لە شارەوانی دیاربەکر بووم کە گرنگترین شاری کوردستانی تورکیایە. داخوازەکانی ئێمە چییە؟ ئێمە خوازیاری ئەوەین ڕێگامان پێبدرێ بەزمانی خۆمان قسەبکەین و لە قوتابخانەدا بخوێنین ، بەرنامەی ڕادیۆو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەی کوردیمان هەبێ، ئێمە ئەمانەوێ ڕێز دابنرێ بۆ لێهاتوویی و کەسایەتی و ناسنامەمان کە ئەوە دەبێتە هۆی گیران و ئەشکەنجەو کوشتنمان.

من لە ساڵی ١٩٤٠ لە سلیڤان کە شارێکی کۆنەو یۆنانییەکان پێیان وتووە (مارتلیو پۆلس) لەدایکبووم، لە سەدەکانی ١٠و١١دا ئەو شارە بە«میافەرقین» کە پایتەختی ناوچەی مەروانییەکان بوو ناسراوە. سلیڤان لە ٥٠ کیلۆمەتری دیاربەکر هەڵکەوتووە، هەر بەردێک شەقامێک و گەڕەکێکی نیشاندەری مێژوویەکی کۆنە لە فەرهەنگی کورد، ئەو گەڕەکەی کە منی لێ لەدایکبووم گەورەترین مزگەوتی شار کە ناوی (سەلاحەدین) یان سالادینە تێدا هەڵکەوتووە، ئەو کەسەی کە شکستی بەشەڕکەرە مەسیحییەکان هێنا خەڵکی ئەڵێن کورد بووە، کاتێک کە تازە خۆم دەناسی لەدوکانێکی بەرگدروویی بەردەست بووم، زۆر شتم لە زمانی

مشتەرییەکانەوە سەبارەت بە شۆڕشەکانی کورد دەبیست. ئەوان سەبارەت بەشۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ قسەیان دەکرد، کە ساڵێک دوای قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە لایەن مستەفا کەمال ئەتاتورک سەری هەڵدابوو، باسیان لە شۆڕشی ئارارات لە ساڵی ١٩٣٠ و شۆڕشی دەرسیم لە ساڵی ١٩٣٧ هەتا ١٩٣٨ دەکرد. بەدوای ئەوانەوە جووڵانەوەی کوردەکان بۆ جیلێک یان دوو جیل هەرەسی هێنا و خەڵکی کوردستان لەگەڵ ڕاونان و کوشتن و وێرانکردنی ناوچەکانیان بەرەورووبوون. لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ خزمەت برامە ناو ئەرتەش، لە سەربازخانە سێ کەس لەسەر کورسییەک دەخەوتین، بەهۆی کوردبوونم کاری شتنی قاپ و پاکوخاوێنییان پێدابووم، دوای دوو ساڵ خزمەتم کۆتایی پێهات، پاش گەڕانەوەم بۆ ماڵێ لە ساڵی ١٩٦٣ دەستم بەکاری بەرگدروویی کردەوە، ئەوکات گوێمان دەگرت لە بەرنامەیەکی کوردی ڕادیۆیی بەناوی «دەنگی کورد» کە لە عێراق بڵاودەبووەوە، هەرچەندە بەباشی نەدەبیسترا، بەڵام زۆر سەرنجڕاکێش بوو.

شەوێک لەسەر دیوارێکی شار بەخەتێکی گەورە نووسیم «بژی بارزانی» ئەوە یەکەمین تێکۆشانی من بوو. ئەو ساڵە حزبی کرێکارانی تورکیا دامەزرابوو، ئەو یەکەمین حزبی چەپ بوو، بەهۆی ئەوەوە تەنیا جوڵانەوەیەک بوو، کە لانی کەم لەبیروبۆچووندا دژی کورد نەبوو من پێوەندیم پێکرد، ئەوکات ساڵانێکی سەخت بوو لە تورکیا، ترس هەموو خەڵکی داگرتبوو، گرنگترین شت بۆ من وەرەپێدانی ئەوان بوو.

نزیک ساڵی ١٩٦٧ بڕیارمان دا هەوڵی دامەزرانی ئەنجوومەنی دیموکراتێک بدەین بەرنامەی هێندێک لە سەفەرمان بۆ شارەکانی کوردستان ڕێکخست.

بۆ یەکەمین جار لە بارەی کوردستان و کێشەکانی کوردەوە قسەم کرد، نامیلکەیەکی بچووکمان ئامادە کرد ئەندامانی حزبی کرێکارانی تورکیا لە خۆپیشاندانەکاندا بەشدارییان کرد، پۆلیس لەنێو کۆڕەکانماندا ئامادەبوون، ئەوانە بەکۆبوونەوەکانی ڕۆژهەڵات دەنگیان دابووەوە، ئەوکات لەشوێنە ڕەسمییەکان کوردستانیان بەڕۆژهەڵات ناودەبرد لە ساڵی ١٩٢٤وە لانی کەم بەشێوەی فەرمی مافی بوونمان نەبوو، بۆ ماوەیەکی زۆر ئێمەیان بەتورکی کێوی دەزانی کە بەزاراوەیەکی دیکە قسەدەکەین.

لە ساڵی ١٩٧١ کاتێک لە شارۆچکەی هیڤان سەر بەپارێزگای ئورفا خەریکی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەیەکی گشتی بووم، گیرام و خرامە بەندیخانە لە مانگی مارسی ئەو ساڵەوە هەتا حوزەیرانی ١٩٧٤ لە بەندیخانەی دیاربەکر بووم، خواردنێکی کەمیان پێدەدام، بەڵام ژیانمان زۆر خراپ نەبوو بەهەڵسەنگاندنی ئەو گوزەرانەی لە ساڵەکانی ٨٠ دا تێیدابووم بۆم دەرکەوت کە ژیانێکی دڵخوازمان بووە.

ساڵی ١٩٧٤ کاتێک لە بەندیخانە ڕزگاربووم ئاگادار کرام کە حزبی کرێکارانی تورکیا بەهۆی پشتیوانی لە مافەکانی گەلی کورد چالاکییەکانی بۆ ماوەی سێ ساڵ ڕاگیرابوو، بەڵام حزبی سۆسیالیستی بۆ کوردستان دامەزرابوو.

لە ساڵی ١٩٧٧ هەڵبژاردنێک بۆ شارەوانی دیاربەکر بەڕێوەچوو، دیاربەکر ئەوکات ٢٢٥٠٠٠ حەشمیەتەوە (ئێستا زیاتر لە ملیۆن و نیوێکە) نۆهەمین شاری گەورەی تورکیا بوو، من لەنێو ١٤ ئەندامدا بەوەرگرتنی ٥٤ لە سەدی دەنگەکان بەشارەوان هەڵبژێردرام. لە سەرەتادا دەسەڵاتدارانی تورکیا و فەرماندەرانی نیزامی هەڵبژاردنەکەیان بەدڵ نەبوو و بەعادیلانەیان نەدەزانی، بەڵام من بەشێوەیەکی دیموکراتیک هەڵبژێردرابووم، دەنگدەرەکانم کرێکاران و چینی زەحمەتکێش بوون، بەزوویی دەرکەوت کە کۆمەڵێک لە خەڵکی مەدەنی و خزمەتکار لە شارەوانیدا دەتوانن خزمەت بەخەڵک بکەن و کۆسپەکان لابەرن، بەڵام بارودۆخی سیاسی بەرەو ئاڵۆزی دەڕۆیشت، گرووپە ڕاست و چەپە ڕادیکاڵەکان کەوتبوونە بەربەرەکانی و باری ئابووری بەرەو خراپی دەڕۆیشت.

لە ڕۆژی ١٢ سیبتێمبەری ١٩٨٠ بەبیانووی گەڕانەوەی نەزم و یاسا ئەرتەش بەو درندەیە باوی خۆی

کودەتایەکی دیکەی وەڕێخست، پەرلەمان هەڵوەشێندرایەوە، چالاکی پارتەکان، یەکەتییەکان و ئەنجوومەنەکان قەدەغەکرا. شووراى شارەوانییەکان هەڵوەشانەوەو لەجێگای ئەوان ئەفسەرەکانی ئەرتەش بەشارەوانی دانران، بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو ئەرتەش و پۆلیس دەستیان کرد بەگرتنی خەڵک، وەزیرەکان، یاسادانەرەکان، رێبەرانی پارت و یەکەتییەکان، شارەوانەکان، مامۆستای زانکۆ، چالاکی رێکخراوە یاسایی و نا یاساییەکان و رۆژنامەنووسان.. بەکورتی هەموو ئەو کەسانەی دژایەتییان لەگەڵ بیروبۆچوونە کەمالیستەکان دەکرد.

«میهدی زانا چالاکێکی کوردە کە بۆتە سومبولّی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی قسەکردن و پاراستنی فەرهەنگی کورد لە تورکیادا. زانا زیاتر لە ١٥ ساڵی لە بەندیخانەکانی تورکیادا بەسەربردووە ئەو لە ساڵی ١٩٩٤دا گیراوەو جارێکی دیکە دوای ١١ ساڵ بەندی بڕیاری چوار ساڵی بەسەردا دراوە، ئەم بابەتە لە کتێبەکەی بەناوی بەندی ژمارە ٥ ، یازدە ساڵ لەبەندیخانەکانی تورکیا لە فەرەنسا بڵاوبووەوە زانا باس لەو ئەشکەنجەو نەهامەتییانە دەکات کە لە ماوەی گیرانیدا لە ساڵی ١٩٨٠ هەتا ١٩٩١ بەسەری هاتبوو».

کاتێک کە گیرام بەو شێوەیە ئەشکەنجە دەستی پێکرد، من و سێ کوردی دیکە راستەوخۆ بۆ ئاکادیمی نیزامی بەڕێکراین، لەوێ ٤٠ بەندیخانەی تاکەکەسی، کە لەژێرزەویدا هەبوون بۆ خەوتن تەنیا قەرەوێڵەیەکی تەسک کە پێیەک لە زەوییەوە بەرز دانرابوو.

کاتێک ئێشکچییەکان دەرگاکەیان داخست وا هەستم کرد بەزیندووی نێژراوم. دوای دوو سەعات هاتن بەدوامدا چاویان بەستم و پێشخۆیان دام، گوێم لە دەنگی سەربازەکان بوو کە وتیان میهدی زانا هات، کۆمەڵێکی چەند کەسی رژان بەسەرما و لێیاندام، پاشان گێڕایانمەوە بۆ بەندەکەم، هەر ئەو رۆژە کە پێم وایە لای ئێوارە بوو دیسان هاتنەوە و بەچاوی بەستراو بردمیانەوە هەر بەو شێوەی جاری پێشوو دەستیانکرد بەلێدانم لە هەموو لایەکەوە، بەشەق و زللە تێم بەربوون، لەدوایی ئەو کردەوەیە بۆ ماوەی دوو رۆژ بەتەنیا جێیان هێشتم، پاشان دەستیان کردەوە بەئەشکەنجەدانم بەشێوازێک کە هیچ چاوەڕێم نەدەکرد، یەک لەوان فەلەکە بوو کە جۆرە ئەشکەنجەیەکی کۆنەو ژێر پێی دارکاری دەکەن، جۆرێکی دیکە هەڵواسین بوو، هەڵیانواسیم و شریتیان دەخستە دەوری ملم، پێم وابوو دەیانەوێ بمخنکێنن، بەڵام وازیان دەهێنا و دەستیان بەلێپرسینەوە دەکردەوە.

هەندێک جار بۆ ماوەی دوو یان سێ رۆژ، بەپێی ئەو خۆڕاگرییە هەرکامێک لە ئێمە بووی ئەیانخستینە نێو دارەمەیتێک تەنیا کونێکی بچووکیان دەهێشتەوە بۆ هەناسەکێشان، شێوازێکی دیکەی ئەشکەنجەدان ئەوەبوو بەڕووتی دەیانخستینە بەر بۆڕی ئاوی سارد کە ناچاردەبووین لەسەر لاق هەڵبلەرزین، پاشان دەکەوتینە بەر لێدان هەتا لەسەرخۆ دەچووین، لاقمان دەکراوەو گونمان سڕ دەبوو، بەڵام نەیاندەویست بمانکوژن. بەرەبەر پلەی ئەشکەنجەدانیان زیاتر دەکرد هەتا رادەی خۆڕاگریمان بزانن.

شەوورۆژ لەژێر چاودێری ئێشکچییەکاندا بووین و، دڵڕەقانە ئازاریان دەداین. دوای ئەوەی دەرکەوت کە لەسەرخۆچوون دەبێتە هۆی لەسەرکەوتنمان دەستیان کردەوە بەئەشکەنجەدانمان. ئەوەندەیان لەشوێنی بێ هەستەکە دەدا هەتا هەڵدەماسی. رۆژەکان جگە لە چەند خولەکێک بۆ نان و ئاوخواردن بێ پسانەوە ئەشکەنجەیان دەداین.

دوای تێپەڕبوونی مانگێک لەم شێوازە ئازارە لە هاوڕێکانم جیا کرامەوە بۆ ماوەی ١٠ رۆژ کرامە بەندێکی تاکەکەسییەوە، پاشان بردمیانە بەردەمی دادگا، کاتێک قازی چاوی لە فایلەکەم دەکرد هیچ هۆکارێکی بۆ تاوانباریم نەدۆزییەوە پێی وتم « بەداخم، دەسشەڵاتدارانی ئەرتەش خوازیاری لە مانەوەی تۆیە لە بەندیخانەدان من هیچم لەدەست نایە» لەگەڵ سێ کوردەکەی دیکە دوانیان لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی یاریدەدەرم بوون گەڕاینەوە بەندیخانە، من تەنیا نێردرام بۆ بەندی ژمارە ١ لە دیاربەکر.